# ڕەشید جەختی لەپێویستی کارکردنی بەوچان و دابینکردنی خزمەتگوزارییەکان بە پارێزگای ئینبار کردەوە

سەرۆک کۆمار د.لەتیف جەمال ڕەشید، ئەمڕۆ شەممە،جەختی لەپێویستی کارکردنی بەوچان و دابینکردنی خزمەتگوزارییەکان بە پارێزگای ئینبار کردەوە.

بەگوێرەی ڕاگەیەندراوەکی سەرۆکایەتی کۆمار"لەتیف جەمال ڕەشید سەرۆک کۆمار ، لە باڵەخانەی پارێزگا لەگەڵ پارێزگاری ئینبار، محەمەد نوری دلەمی و سەرۆکی ئینجومەنی پارێزگا، ئەندازیار عومەر مەشعان دەبوس و ژمارێیەک لەئەندامانی ئینجومەنی پارێزگا و بەرپرسانی ئاسایش کۆبووەوە.

هەر بەپێی ڕاگەیەندراوەکە لەکۆبوونەوەکەدا بارودۆخی گشتی پارێزگاکە و چۆنیەتی چەکردنەوەی هەوڵەکان بە باشترکردنی واقیعی ئابووری و خزمەتگوزاری و ژینگەیی و ڕەوشی گوزەرانی هاووڵاتیان تاوتوێکران، بە جۆرێک کەژیانێکی شایستە دەستەبەر بکات بۆیان.

سەرۆک کۆمار ئاماژەی بەوەدا کەهاوکاری و کاری هاوبەشی نێوان ئەندامانی ئینجومەنی پارێزگا و بەرپرسانی ئینبار پرەنسیپێکی دیموکراسی و پرەنسیپێک کە بەرژەوەندی گشتی بەدیدەهێنێت.

سەرۆک ڕەشید جەختی لەپێویستی کارکردنی بەوچان و دابینکردنی خزمەتگوزارییەکانی تەندروستی و پەروەردە و کەمەڵگەیی کردەوە و ئاماژەی بەوەدا کەپارێزگای ئینبار ڕووبەرێکی فراوان دەگرێتەوە وهەوڵەکی تایبەتی دەخوازێت لەگەڵ کاری بەردەوام لەلایەن پەرلەمان و حکومەتی فیدراڵ و کەلەسەر

هەمووانیش پێویستە بە زیادکردنی دەرفەتی ئاوەدانکردنەوە و گەشەپەدانی ئینبار، کە لە جەنگی دژ بە تیرۆردا زیانی زۆری بەرکەوتووە.

سەرەک کۆمار ئامادەیی سەرکایەتی کۆماری دەربڕی بە پشتیوانیکردن لەو هەوە وکارکردن بە ئەوەی گەشەپەدان لە سەرجەم پارێزگاکاندا بەشێوەیەکی دادپەروەرانە بگرێتەوە و دەروازەکانی دژی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی و تەکدەران دابخرێت بە پەرەپەدانی پرسی ئاوەدانکردنەوە و گەشەپەدان.